# خۆ خەڵكى " كەلار " سەريان لاى " شا " وە نەهێناوە !

بەرزان هەستيار
ئەڵمانيا/ كۆلن
bhastiar@yahoo.de

پێ ئەچێت كاربەدەستانى حكومەتەكەى سلێمانى بيانەوێت هەميشە فێرى وانەى تازەو پەندى تازەترمان بكەن ، ئەمجارە ئەيانەوێت باشتر جەخت لەسەر ئەوە بكەنەوە هەر كە لەگەڵ بيستمان خۆ پيشاندانێك لە شوێنێك ساز كراوە نابێت سەرنجمان بەلاى شتێكى تردا بچێت و ئەبێت تەنيا هەوڵى ئەوە بدەين بزانين چەند كەسى بێ گوناهى تر بوونەتە قوربانى ئەو هەڵوێستە " ناشارستانييە ! " .
بە داخەوە ئەڵێم هەر لە سەرەتاى هەڵگيرسانى دۆزەخى شەڕى ناوخۆوە تا ڕاگەياندنى ڕێككەوتنى "نە شەڕ نە ئاشتى " ، ئەو دوو حيزبە زەبەلاحەى كوردستان مافى ئەوەيان بە خۆيان دا كە بە بێ هيچ سنوورێك ئەوەى ئەيانەوێت و ئەبێتە پتەو كردنى قاچى كورسييەكەيان ، مايكاڤيلييانە پيادەى بكەن و سڵ لە هيچ جۆرە كوشت و بڕێك نەكەنەوە ، هەر لە ڕاونان و كوشتن و تالانكردنى ماڵى لايەنگرانى يەكتر تا ئەگاتە دەم دوورين و خەساندنى ئەندام ودۆستەكانى خۆشيان .
هەڵبەتە ئەمەى ئەيڵێم كەم تا زۆرێك گوناهى ئەو كەسانەشى تێدايە كە وەك ئەسپى عەرەبانە تەنها بەردەمى خۆيان ئەبينن و هيچى تر ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ناكاتە ئەوەى ئيتر كەسێك نەتوانێت لە ئاست هيچ جۆرە كاولكاريى و گەندەڵيى و بەرەڵاييەكدا بێتە گۆ و بڵێت : بەسە ؛ وەك خوێنى ئێمەتان كرد بە ئاو ، ڕێگە بدەن منداڵەكانمان بە ڕووناكيى هەناسەيەك بدەن ، لە قرچەى هاويندا چۆڕێك ئاوى پاك و سارد بچێتە گەروويانەوە ، وەك ڕێتان بە خۆتان دا بۆ بەرژەونديى و پاراستنى كورسييە ژەنگاوييەكەتان هەزاران ئافرەت بێوەژن و بێ باوك و برا بكەن و هەزاران منداڵ لە نازى باوكيان بێ بەش بكەن و هەڵيان ڕێژنە سەر جادەو كۆڵانەكان و هەر خۆشتان بە بيانووى شێواندنى " ڕووخساريى شارستانى مەملەكەتەكەتان !"ەوە ڕاويان بنێن و سەدان شەقى مزريان بۆ تەواو كەن ، ئاواش ڕێگەيە بەو ڕەعيەتە بەستەزمانە بدەن بەبێ ئەوەى بە زمانى گوللە وەڵاميان بدەنەوە ، جارێك پێتان بڵێن : نا .
نازانم ئێوە هيچ گومانێكتان لەوە هەيە كە وردە وردە ئەو تاڵە باريكەى لە نێوان ئێوە و بەعسدا هەيە خەريكە بپيسێنن !؟ هيچ لەوە دوودڵن كە بەر لەوەى كەسێك پێتان بڵێن بەرى چاوتان كلى پێوەيە ،ئێوە ميلى تفەنگەكانتان ڕاكێشاوە و تووشى هيستريا بوون !؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەتوانن پێمان بڵێن ئەگەر زەڕڕەیەك دڵسۆزیی و خەم خۆریی لە دەمارتانا ماوە بۆ ڕەعیەتەکەتان ، چۆن پێتان ئەکرێت هەمیشە بە زمانە تیژ و زبرەکەی چەك وەڵامیان بدەنەوە و هەر جارێکیش پڕ گوێنییەك بوختان و درۆی شاخداریان بۆ هەڵبەستن و تەنانەت لەوەش سڵ نەکەنەوە کە تۆمەتی ئەخلاقییشیان بخەنە پاڵ ، " هەڵبەتە خۆتان باش ئەزانن لە مەملەکەتەکەتاندا ئەو جۆرە تۆمەتانە چۆن ئەندامانی ڕەعیەتی پێ دزێو ئەبێت و چ کاریگەرییەکی دەروونیی ئەبێت لە سەریان ".
من سەد دەر سەد لەگەڵ هیچ کارێکی گێرەشێوێنیی و تالانییدا نیم و لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ئەوەم بۆ هەرس ناکرێت کە کەسانێك هەبن وەك نەهەنگ سامانی خەڵك هەڵلووشن و سووکایەتییان پێ بکەن و تا تەوقی سەریان لە جۆرەها گەندەڵییدا نقووم بووبێت کەچی خێرەومەندێك نەبێت پێیان بڵێت : ئەی دەریالووشەکان ئێوە ئەبێ ئیتر لێرەدا بوەستن و دەستەکەتان بخرێتە ڕوو ،... کەچی هەر کە کەسانێکی تر لە تاو ئازاری تا سەر ئێسقان ڕۆچوویان ویستیان لە خۆ پێشاندانێکدا کۆمەڵێك مافی زۆر سادەی خۆیان داوا بکەن ئیتر سەری دنیا بێتەوە یەك و ئەوە بقەومێت کە 2005/9/7 لە شارۆچکەی کەلار ڕوویدا و پێشتریش گەلێ جاری تر لەوە خراپتر ڕووی داوە .
منیش ئەڵێم ئەو کارە تێکدەرانەی کە هەندێ کەس کردوویانە ڕەوای هەق نییە ، بەڵام بەر لەوەی ئەوەش بڵێین ئەبێ پرسیاری ئەوە بکەین : بۆ هێشتتان خەڵك بەو جۆرە لێتان پڕ بێت کە تالان کردن و سووتاندنی شوێنە حکومییەکانیش بە ڕەوا بزانێت ، ئەی باشە ئەو هەموو گەندەڵیی و فەرامۆشکردنەی جەماوەر ڕەوایەتیی لە کوێوە وەرئەگرن ؟ ئەی جۆگەلەی درێژی خوێنی چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆ ڕەوایەتیی لە کوێوە وەرگرت و لیستێکی پان و پۆڕی بێ حورمەتیی کردن بە جەماوەرو دەستدرێژیی بۆ ناموسی خەڵك و چاوپۆشین لە سەدان فایل ڕەش و بەردانی دەیان دز و پیاو کوژ و کەرامەت شکاندنی نووسەران و ڕۆشنبیران بە بیانووی جیا جیا لە کوێوە ڕەوایەتییان وەر گرت ؟ ئەگەر بیریشتان چووەتەوە هەموو ئەو جارانەی تریشتان ئەهێنمەوە یاد کە چۆن بە کەیفێکی سازەوە خۆپێشاندەران گوللە باران و شەق باران ئەکران یان ئەوەتان دێنمەوە بەر چاو کە چەندین فەرمانبەر و قوتابیی و مامۆستا لە حەرەمی شوێنەکانی خۆیاندا بە ئاشکرا ئیهانە کراون و کەسیش لە گوڵ کاڵتری بە کەتنکەران نەوتووە ، ئێ خۆ خەڵکی " کەلار " سەریان لای "شا" وە نەهێناوە تا ئاوا بێ ئارەق بۆی دەرچن و باجی دەنگ هەڵبڕین نەدەن !
ئەوەندە ماوە بڵێم ئەم برینە تا بێت خوێنی لێ ئەچۆڕێت ، گەرچی دڵنیام کە ئۆقیانووسێك خوێنیشی لێ بڕژێت ئێوە هیچ دەربەست نایەن ، ئەزانن بۆ ؟ چونکە نە خۆتان بە خاوەن و بەرپرسی ئەو بستەخاکە گوناح و خەڵکە بێ تاوانە ئەزانن و نە هەتا هەتایە تێریش ئەبن .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com